# پەیوەندی نێوان زمان و هێما لەگەڵ واتا و وێنە

**تارا مشیر صالح**

**فاکەڵتی پەروەردەی بنەڕەتی ئێواران ، زانکۆی کۆیە**

پوختەی

لە کۆنەوە زانراوە زمان دەورێکی باڵای هەیە لە ژیانی مرۆڤدا بی زمان ناتوانرێت هیچ بکرێت، وە هیچ زانستێك بخوێنرێت.هێماکان یان خود وێنەکان لە ژیانی رۆژانەماندا دەورێکی باڵای هەیە بۆ لێك تێگەیشتن و دواندن ، بۆیە بە پێویستم زانی لێکۆڵینەوەیەك لەم بوارە بکەم ، کە رێبازی وەصفی شیکارییە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە، زمانی هێما یاخۆد زمانی جستە لە ژیانی رۆژانە ماندا زۆر کاری پێدەکرێت بە کاردێت چە لە بواری وانەبێژیدا لە لایەن مامۆستایانی زانکۆ لە کاتی وانە ووتنەوەدا زمانی هێماکرن یان جستە زۆر بە کاردەهێنرێت، هەروەها زمانی هێماکردن لە لایەن ئەو مرۆڤانەی نەخۆشن وەك ئەوانەی نابیستن کەڕن یان ناتوانن قسەبکەن لاڵن لە رێگەی زمانی ئاماژەوە یان وێنەی جۆراو جۆر دەتوانن لە واتای وێنەکان یان هێماکان بگەن.

ناوەرۆکی توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و راسثاردەکان و سەرچاوەکان لە دوو بەش پێك دێت، بەشی یەکەم لە ژێر ناونیشانی (زمان و دروستبوونی زمان)ە،کە لە دوو تەوەرە پێك دێت،تەوەری یەکەم ئەمانە دەگرێتەخۆ: زمان چیە؟ ، پێناسەکانی زمان، گریمانەکانی زمان، وەرگرتنی زمان.تەوەری دووەم ئەمانە دەگرێتە خۆ: زمان و واتا ، چەمکی هێما، جۆرەکانی هێما.

بەشی دووەم لە ژێر ناونیشانی (پەیوەندی نێوان زمانی هێما لەگەڵ واتای وێنە)ە، ئەمانە دەگرێتەخۆ:، واتای وێنە، جۆرەکانی واتای وێنە، پەیوەندی هاوبەش لە نێوان زمانی هێما لەگەڵ واتای وێنە.

## پێشەکی

**لە کۆنەوە زانراوە زمان دەورێکی باڵای هەیە لە ژیانی مرۆڤدا بی زمان ناتوانرێت هیچ بکرێت، وە هیچ زانستێك بخوێنرێت ، یان کاری رۆژانەمان ئەنجامدەین.هێماکان یان خود وێنەکان لە ژیانی رۆژانەماندا دەورێکی باڵای هەیە بۆ لێك تێگەیشتن و دواندن، کە بەم جۆرە زمانەی لە رێگەی هێماوە یان وێنەوە لە کرداری ئاخاوتن یان ناساندنی بەرامبەر دەوترێت زمانی جستە.بۆیە بە پێویستم زانی لێکۆڵینەوەیەك لەم بوارە بکەم. هەروەها پێناسەی دیاردەیەکی وەکو زمان کارێکی ئاسان نییە بەتایبەتی لەبەر ئەوەی دیاردەکە لە زۆر روانگەی جۆر بەجۆرەوە سەیر دەکرێ و هەر شارەزایەك لە چوارچێوەی بابەتەکەی خۆیەوە لێی دەکۆڵێتەوە، دەکری بە وێنە بڵێن زمانە، هێماکان زمانە، ئاماژەکان زمانە ، چرپە چرپ بە گوی یەکدا زمانە.**

**ئەم لێکۆلینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (پەیوەندی نێوان زمان و هێما لەگەڵ واتا و وێنە)دایە ، ناوەرۆکی توێژینەوەکە لە دوو بەش پێك دێت، بەشی یەکەم لە ژێر ناونیشانی (زمان و دروستبوونی زمان)ە،کە لە دوو تەوەرە پێك دێت،تەوەری یەکەم ئەمانە دەگرێتەخۆ: زمان چیە؟ ، پێناسەکانی زمان، گریمانەکانی زمان، وەرگرتنی زمان، قۆناغەکانی وەرگرتن.تەوەری دووەم ئەمانە دەگرێتە خۆ: زمان و واتا ، چەمکی هێما، جۆرەکانی هێما، هێمای زمانی ، هێمای نازمانی.**

**بەشی دووەم لە ژێر ناونیشانی (پەیوەندی نێوان زمانی هێما لەگەڵ واتای وێنە)ە، پێك دێت.لە یەك تەوەری ئەمانە دەگرێتەخۆ:، واتای وێنە، جۆرەکانی واتای وێنە، واتای وێنەی ڕاستەقینە، واتای وێنەی هۆشەکی، پەیوەندی هاوبەش لە نێوان زمانی هێما لەگەڵ واتای وێنە.**

**گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە، خوێندەوار و نەخوێندەوار لە واتای زمانی ئاماژە یان هێمان یان وێنەکان دەگەن ، هەروەها زمانی هێما یاخۆد زمانی جستە لە ژیانی ڕۆژانە ماندا زۆر کاری پێدەکرێت.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ئەو ڕێبازەی کە لەم توێژینەوەیەدا پەیرەوکراوە ، ڕێبازی وەسفییە. بەخستنەڕوو و شیکردنەوەو وەسفکردنی ناوەڕۆك و روون کرنەوەی پەیوەندی نێوان زمان و هێما لەگەڵ واتا و وێنە.

**بەشی یەکەم**

**تەوەری یەکەم:**

**زمان و پەیدابوونی زمان**

**1-1: زمان چیە؟**

ئاشکرایە کە زمان دەورێکی یەکجار باڵا لە ژیانی مرۆڤدا دەبینێ، بۆ هەر لایەك بڕۆین دەبینین زمان لەبەر دەست دایە بۆیە بەشێکی گرنگە لە ژیانی مرۆڤدا هەرگیز جیا نابێتەوە.

پێناسەی دیاردەیەکی وەکو زمان کارێکی ئاسان نییە بەتایبەتی لەبەر ئەوەی دیاردەکە لە زۆر ڕوانگەی جۆر بەجۆرەوە سەیر دەکرێ و هەر شارەزایەك لە چوارچێوەی بابەتەکەی خۆیەوە لێی دەکۆڵێتەوە، بێ گومان پێناسەی زانایانی دەروون و زانایانی کۆر زمانەوانی و زمانەوان و ئەندازیاری دەنگ و فەیلەسوفەکان ناشێ وەك یەك بن، لەبەرئەوە زمان دەیان پێناسەی جیاوازی کراوە و لە خوارەوە چەندین پێناسەی زمان لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە دەخەینە ڕوو(-محمد معروف فتاح-1987: 4).

1- زمان هۆیەکە بۆ لەیەکتر گەیشتن ، دەکرێت بە چەند دانەیەکی ووردەوە (مۆرفیم) کە هەریەکەیان خاوەن واتاو فۆرمن(مارتنێت).

2-(بلۆك و تراگەر) دەڵێن : زمان کۆمەڵە ڕەمزێکی دەنگی لەخۆوەیە، کە دەتوانرێت بۆ لەیەکتر گەیشتن بەکاربێت.

3- زمانەوانی بونیاتگەری ئەمەریکی(ساپیر) ئەڵێ: زمان هۆیەکی ناغەریزەییە، تایبەتە بە مرۆڤ، بۆ دەربڕینی هەست و سۆزو ئارەزوو بەکاردێت، بەهۆی هێمای لەسەر یاسا ڕۆیشتووە وکار دەکات، لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤە(Edward Sapiy ، 1945:25).

4-چومسکی دەڵێت: زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە ڕێزمان دەریان دەکات(Edward Sapiy ، 1945:29).

کەواتە بەپێی ئەم پێناسەیە بێت زمان بەهرەیە وەردەگیرێت لە دوای لە دایك بوونەوە ئەوا لە کاتێکدا کە منداڵدا لە دایك دەبێت ئامڕازەکانی دەربڕینی دەنگی بێ کەموکورت بێت، هەروەها یەکێکە لەو بەخشیشانەی کە خوای گەوەرە بە مرۆڤی بەخشیوە. زمان ئامڕازی سەرەکی بەکارهێنانە لەلای مرۆڤ بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ یەکتریدا، هەروەها ((ئەو دیاردە ئاڵۆزەیە کە مرۆڤ بە درێژایی ژیانی بۆ پەیوەندی کردن و لەیەکتر گەیشتن بەکاری دەهێنێ، ناتوانێت بە هیچ شێوەیەك دەست بەرداری بێت، لە خۆشی و ناخۆشی بە جێی ناهێڵێت: یەکەمین هۆکارە کە بە خوای خۆی دەبەستێتەوە، دڵی هەموو ئەو زانست و پێشکەوتنانەیە کە لە سەرجەم زانستەکانی تری سەر گۆی زەوی و لێیەوە سەریان هەڵداوە و سەرهەڵدەدەن. لەو کاتەی زمان پەیدابووە تا بە ئەمڕۆ دەکات، گومانی تێدا نییە، کە زمان بە چەندین قۆناغی جیاجیادا تێپەڕیوە، لەم بارەشەوە زماننا‌سان و شارەزایان خۆیان بە گیرو گرفت و سەرەتاکانی پەیدابوونی زمان خەریککردووە، بەم هۆیەوە کۆمەڵێك گریمانە هاتوونەتەکایەوە و هەریەکە هەوڵدەدات سەرەتای پەیابوونی زمان بۆ گریمانەکەی خۆی کێش بکات. بە سەرە دێرێك ئاماژە بۆ هەر گریمانەیەك لە گریمانەکان دەکەین.

**1-2: گریمانەکانی پەیدابوونی زمان:**

**1- گریمانەی دەنگە سروشتییەکان:**

ئەم گریمانەیە بۆ یەکەم جار لەسەدەی (4-5) پ.ز لەلایەن (دیمرکریتەس) و (ئەفلاتوون) دوە خراوەتە بەرچاو.لەسەدەی (17-18) (لابینز) پشگیری لێکردووە.لەسەدەی (19) شدا (داروین ) و (وتنی) پەسندیان کردوە. بەپێی ئەم گریمانەیە زمان

لەلاسایی دەنگە سروشتییەکانەوە پەیدا بووە.گریمانەکە باوەڕی وایە کە دانە دەنگییەکان لاسایی ئەو دەنگانەن کە گیانلەبەری تر یان سروشت دەریان دەهێنێ ،واتە لاسایی دەنگی (ئاژەڵ ، ڕووبار ، بروسکە ،...هتد. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم فۆرمانە لەهەموو زمانێکدا وەك یەك نین بۆیە ئەم بۆچوونە پشتگوێ خرا.

2- گریمانەی بانگ و قیژەی هەست دەربڕ:

ئەم گریمانەیە لەسەدەی (19) لەلایەن زانای ئەڵمانی (شتاینتاڵ) و دەستەیەك لە ڕووناك بیران خراوەتە ڕوو، بەپێی ئەم گریمانەیە زمان لەو دەنگە غەریزانەوە پەیدا بووە کە مرۆڤ بۆ دەربڕینی خۆشی و ناخۆشی و ئازار دەری بڕیووە وەك (ئاخ، ئۆف، ...هتد) و یەکەم گووتن لەشێوەی سەرسورمان بووە.

3- گریمانەی بزاوتن :

بەباوەڕی هەندێ لە زمانەوانی وەك (ڤۆنت،مار،پیاجیە) زمانی سەرەتا زمانی بزاوتن بووە کەتاکو ئێستاش لەگەڵ گوتن بەکاردێت وەك (سەرلەقاندن و لێوقوچاندن و چاوترووکاندن و ...هتد) .

کاتێك مرۆڤ تەکنیکی بەرەوپێشەوە چووە پێویستی بەبزاوتنی وورد بووە، جا لەبەر ئەوەی دەستیشی بەکارەوە خەریك بووە ناچار بووە بێ ئەوەی ئاگاداربێت ئەو بزاوتنانە بگۆڕێتەوە بە بزاوتنی ماسولکەکانی زمان و لێو دەم و قورگەوە.

4- گریمانەی مۆسیقا:

ئەم گریمانەیە لە لایەن (یسپرسن) ەوە خراوەتە ڕوو، بەپێی ئەم گریمانەیە زمان بەچەند قۆناغێك تێپەڕیوە ، سەرەتا گۆرانییەکی بێ وشە بووە. واتە هەر ئاواز بووە بەمەبەستی هەست دەربڕین بەکارهاتووە نەك بۆ تێگەیاندن و تێگەیشتنی خەڵکی تر، دواتر بریتی بووە لە وشەی درێژی پڕ لەدەنگی قورس ، لەم قۆناغەیدا زمان بەئاوازەتر بووە لە زمانەکانی مرۆڤی ئەمڕۆ.

5- گریمانەی پەیوەندی:

بەپێی ئەم گریمانەیە کە لەلایەن (ڕێفیز) ەوە خراوەتە ڕوو ، زمان لە ئەنجامی ئەو غەریزەیە دروست بووە کە لە مرۆڤدا هەیە بۆ پەیوەندی کردن.

بەباوەڕی (ڕێفیز) زمان پێش ئەوەی بگاتە ئەم گەشەیەی ئێستای ، بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیووە، لەقۆناغی یەکەمی دا (قیژە) بووە و ئاراستەی دەورووبەر کراوە . لەقۆناغی دووەمدا (بانگ) بووە ئاراستەی دەورووبەر کراوە بەهیوای هێنانەدی ئاوات و ویستی قسەکەران بووە. لەقۆناغی سێیەمدا (وشە) بووە ، دەنگەکان وەك هێما بەکاردێن . هەروەها (ڕێفیز) باوەڕی وا بووە یەکەم گووتن لەشێوەی داوا یان فرمان بووە دواتر شێوەکانی تر وەکو هەواڵدان و پرسیار کردن هاتونەتە کایەوە(محمد مروف فتاح : 1987، 9- 13).

6- گریمانەی ئاینی:

زۆربەی ئاینەکان ئاماژەیان بە زمانی مرۆڤ کردووە. بەپێی بۆچوونە ئاینییەکان زمان و مرۆڤ بەیەکەوە پەیدابووینە ، هەروەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموویت (وعلم ادم الاسماو کلها) سورەتی بەقەرە، ئایەتی 31، واتە (خوا هەموو ناوێکی فێری ئادەم کردووە). و لەشوێنێکی تر دەفەرمووێ (واختلاف السنتکم والوانکم...) هەموو بیرە ئاینییەکان لەو باوەڕەدان کە خوا زمانی بەئادەمیزاد بەخشیوە. لێرە دا هەندێك شارەزایان ئەم ئایەتە بە جۆرێکی تر لێکدەدەنەوە و ئەڵێن : خوای گەورە ئادەمی فێری زمانەکان

کردووە.

هەروەها ئیبن جینی لە کتێبی (الخصائص) ئاماژەی بەڕاستی ئەم گریمانەیە کردووە، خوای گەورە کاتێك گشت ئاژەڵەکانی کێڵگەو باڵندەکانی ئاسمانی لە قوڕ دروست کرد، لە دواییدا خستییە بەردەم ئادەم.هەر بۆیە ئادەم ناوی بۆ هەموو ئاژەڵ و باڵندە و ئادەمیزادەکان داناوە(قورئانی ثیرۆز، وەرطێرراوی مامۆستا هەژار).

1-3: وەرگرتنی زمان:

له ئەنجامی ژیان له ناو کۆمەڵگا و تێکەڵابوون منداڵ زمانی دایك وەردەگیرێت و ڕۆژ له دوا ڕۆژ وشەکانی زیاتر دەبێت و شارەزایی دەربارەی زمان پەیدادەکات و زۆر بەڵگەی زیندووش هەیە ئەو راستییە دەسەلمێنێت، کە گفتوگۆکرن لەگەڵ منداڵ خێراتر فێری زمانی دەکات لەوەی تەنها هەر گوێبیستی بێت و بەشداری نەکات(موفق الحمداني: 133,1982) .

لێدوانێکی زۆر هەیە له نێوان زاناکاندا لەسەر چۆنییەتی فێربوونی زمانی منداڵ هەر زانا و قوتابخانەیەکی دەروونی بە جۆرێك لێکی داوەتەوە لەوانەش تیۆری بایەلۆژی (چۆمسکی) و تیۆری فێربوونی (سکینەر) و تیۆری لاسایکردنەوە و تیۆری زانینی (پیاجە)( کەریم شەریف قەرەضەتانی: 1997 : 55.) .

تەوەری دووەم :

واتا و هێما

1-2-1: زمان و واتا:

ئەو بنەمایەی کە واتاسازی لەسەر بنیاد نراوە بریتییە لە واتا، واتای وشە وڕستەش ئەوەیە، کە دەخرێتە بەر لێکدانەوە و شیکردنەوەی وردەوە، لەبەر ئەوە گەڕان بەدوای واتادا ئەوە نییە بە دوای بوونێکی سەربەخۆ، یان ماهییەتی وشەکان و ڕستەکان، واتە وشەکان و ڕستەکان چۆن واتا وەردەگرن یان واتا دار دەبن . گرینگی واتاش لە زماندا شتێکی دیار و ئاشکرایە، تەنانەت هەندێ پێناسەی زمان بەم شێوەیە دەکەن کە (بریتییە لە واتا و خراوەتە ناو دەنگەوە)، بەواتایەکی تر چەمکی واتا بە چەمکێکی بنچی زمان دادەنرێت و هیچ زمانێکیش بوونی نییە بەبێ بوونی واتا، کەواتە زمان بەبێ واتا نابێت، واتاش ئەوەیە کە دەربڕینی تێدا ئەنجام دەدرێت و بە کەسانی تریش دەگەیەنرێت، لەبەر ئەوەی دەربڕین و گەیاندن بە دوو ئەرکی سەرەکی و بنچی زمان دادەنرێن، ئەمەش ئەو ڕاستیە دەگەیەنێت، کە واتا ڕۆڵێکی گەورە و گرینگ دەبینێ لە هەموو ئاستەکانی شیکرنەوەی زماندا، هەر لە ئاستی شیکردنەوەی فۆنیمەوە تا دەگاتە شیکردنەوەی دەق، بۆیە تەنیا لە ڕێگەی تێگەیشتنی واتاوە دەکرێ لە ڕاستی و سروشتی زمان تێبگەن(احمد مختار، 5.).

بەم جۆرە دەبینین دیاردەی زمان دوو لایەنی تێدا بە دیدەکرێت:

أ-لایەنی هەستپێکراو کە دەوربەری وشەکان دەگرێتەوە، ئەمەش بە هۆی درکاندنەوە گوێمان لێدەبێت، یان بە نووسراوی دەیخوێنینەوە.

ب- لایەنی دووەمیش بریتییە لە واتا، کە لەو دەوروبەرەدا لێی تێدەگەین. مەبەستیش لە دەوروبەریش ئەو ژینگە زمانییەیە کە لە دەوروبەری وتەیەکدا هەیە و وتەکەی تێدا دەخرێتە ڕوو، بۆ نموونە کە ئەڵێین:

- ئەم چاکەتە سەوزە.



لێرەدا دەوروبەری وتەکە لە سێ وشە پێك هاتووە، وشەکانیش بەشێوەیەکی تایبەت بە پێی یاساکانی ڕیزبوونی کەرەستەکان ڕێکخراون، کە واتایەکی تایبەتیان لێ تێدەگەین، ئەو واتایەش ئەوەیە کە شتێکی دیاری کراو هەیە، کە (چاکەتە)، ئەو چاکەتەش بە ڕەنگێکی دیاریکراو ڕەنگ کراوە، ئەویش (سەوزە)، بەم جۆرە لە دەوربەری وشەکانەوە لە واتاکە تێەگەین، دەوروبەری وشەکانیش ئەو چوارچێوەیەیە، کە واتاکەی تێدا دەخرێتە ڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە سەرنجی ئەم تێبینیانە بدەین:

یەکەم: پەیوەندییەکی ئاڵۆگۆڕ لە نێوان واتا و دەوربەری وشەکاندا هەیە، واتە هەردووکیان بەیەکەوە بەستراونەتەوە و یەکتریش تەواو دەکەن، لەبەر ئەوە ناکرێ بە جیاوازی تەماشا بکرێن و بڵێین ئەمە دەوروبەرە و ئەوەش واتایە.

دووەم: کاتێ کە باس لە وتەی واتادا دەکەین، نەك ئەو ڕووکارانەی کە کۆمەڵێ وتە بەسەر یەکەوە پێك دەهێنن و لە دەوروبەری زمانی خۆیان دوور خراونەتەوە(عزمی اسلام: 13، 14.).

1-2-2: زمانی ئاماژە و هێما:

یەکێ تر لەو بابەتانەی زمانەوانی دەروونی لە سەدەی بیستەم باسی کردووە ، بابەتی زمانی ئاماژە و هێماکانە، مرۆڤ ژمارەیەکی زۆری لە ڕەمزی داهێناوە، بۆ نموونە جووڵاندنی شان، بەڵگەیە لەسەر گوێنەدان ، لێدانی تەپڵ لای هەندێك تیرەی ئەفەریقی بەڵگەیە لەسەر ئاگادارکردنەوەی خێرا، هەروەها ئیشارەتی دەستێ لە کاتی قسەکردن و ئیشارەتی ڕووناکی لە ئوتۆمبێلەکان..

مرۆڤ هەموو کات توانای ئەوەی هەیە بەها یان هێما بۆ هەموو شتەکانی دەوروبەری خۆی دابنێ و بیانداتە پاڵ هەر شتێك بیەوێ، لە هەمان کاتیش پەیوەندی نییە لە نێوان شێوەی هێماکە و ئەو شتەی بەرامبەری دادەنرێت، کەچی لە هەندێ کۆمەڵدا هەمان واتا بەهۆی پەری ڕەنگاو ڕەنگەوەدەگەیەنرێ. ئێمە دەتوانین یاساگەلێك دابڕێژین و سەرۆکەکانی خۆمان هەڵبژێرین و داهێنکاری لە پرسە هونەرییەکاندا بکەین و مامەڵەی بازرگانی بکەین بە یارمەتی جووڵە و بزوواندن، واتە لە جیاتی قسە و وشە هەموو ئەو کارانەمان بکردیا، چونکە زمانی ئاشتی پەیام ئاسا پەیام ئامێز بەبێ حەسودی هەموو ڕازەکانی خۆشەویستی ڕۆژهەڵات لە ڕێی ئافرەتانەوە دەگوازێتەوە چونکە پاسەوانیان لەسەر نییە، لاڵەکانیش بەهەمان شێوە بەهۆی هێما و نیشانەکانەوە لە یەك دەکەن. لەم تێبینیانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە داهێنانی هونەری گەیاندنی هێزرو بیرەکانمان. بە توانا تایبەتییەکانی مرۆڤەوە پەیوەستە، زیاتر لەوەی کە بە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤەوە پەیوەست بێت.

زانایانی ڕۆژئاوا تاقیکردنەوەیان لەسەر ئەو بابەتانە کردووە بە بابەتی خۆیان زانیوە، زمانی ئاماژەیان کردووە بە چەند جۆرێك کە بریتین لە : زمانی نابیستان و زمانی تەندروستەکان و زمانی هاتوچۆ. هەموو ئەو جۆرانەش زمانێکی گۆنەکراون، سەرەرای ئەمانەش هەندێ پێیان وایە وێنە زمانە ، مۆسیقا زمانە، شتەکان و تەنەکان زمانن و هێماکان زمانن، بەڵام ئەوەی ئێمە باسی دەکەین تەنها هێماکانی نابیستان و تەندروستانە(محمد معروف فتاح ، (1985) ، ذ. 28، ل، 44).

کەواتە زمانی هێما و ئاماژە ئەوەیە کە تۆ نەتوانی قسەبکەیت تەنها بە هێما و ئاماژە نەبێت ، کە ئەرك بە زمان ، یان بە برۆکان یان بە چاو بدات و قسە بکات، ئەوەی بەنزمیش قسەدەکات ، وەك چرپە کرن هەر پێی دەڵێن ڕەمز.

هێما لێرەا جووڵاندنی لێوەکانە یان نووسینە لەسەر زەوی یان دەنگێکی بە چرپەیە یان هەر شتێکە، کە تێگەیشتن دروست دەکات، ئەمەش دابڕینێك لە قسەکردن تەنها بە هێما و تێگەیشتنە.

نموونەش هێما کرن بە شان و دەست و چاو و برۆ یان سەر:


1-2-3: چەمکی هێما:

هێما نوێنەری کەس و شت و ڕووداوە بێ ئەوەی شتەکە لەو کاتەدا ئامادەبێت یان نا، بەم پێیە وشە دەچێتە خانەی هێما، چونکە نوێنەرایەتی شتێك دەکات خۆی نییە، ئەمەش وا روون دەکاتەوە لێکچوون لە نێوان و فۆڕم و واتا نییە، ئەو پەیوەندیەی لە نێوان فۆڕم و واتادا هەیە ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتییە، ئەگەر ڕێکەوتنی نەبوایە، ئەوا لە هەموو زمانەکانی جیهان یەك فۆڕم بەرامبەر یەك واتا دەبوو، بەڵام هەروەك دەبینن لە هەرزمانێك فۆڕمێك دانراوە بۆ نموونە تەنێکی وەك: دار (وێنەی دار دانێ) لە زمانی کوردی دا(دار) دانراوە و لە زمانی عەرەبی (شجرە) دانراوە کە پێك هاتووە لە فۆنیمەکانی (ش+ ە+ ج+ ە+ ر+ە ) لە زمانی ئینگلیزی (Tree) دانراوە کە پێك هاتووە لە فۆنیمەکانی (T+r+ee) بەم پێیە پەیوەندی نێوان فۆڕم و واتا پەیوەندییەکی لە خۆوەیە.

فۆڕم و واتا بە هەردووکیان هێما پێکدێنن و پەیوەندییەکی بە هێز بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە بە جۆرێك باس لە هەریەکەیان بکەین ئەوەی تریان رادەکێشێت ، فۆڕم بەتەنها نرخی نییە ئەگەر واتای نەبێت گوزارشتی لێبکات.


(سۆسێر) پێی وایە ئەو پەیوەندیەی لە نێوان فۆڕم و واتا هەیە وەکو دوو ڕووی دراون ناتوانن لەیەك جیابکرێنەوە، هەر بۆیەش ئەم دوو زاراوە یە لە یەك جیا نابنەوە و بە جیا بوونەوەیان هێماکە نرخەکەی وون دەکات.

هەروەها دەستكاری كردنی فۆنیمەكان لە فۆڕمدا بە هەمان شێوە دەبێتە هۆی شێواندنی واتا بۆ نموونە جێگۆڕینی وشەیەكی وەك (د+ ا + ر) بۆ (ر + د+ ا) دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ لە واتای وشەی (دار) نەگات ، چونكە واتای وشەی (دار) بەستراوە بەو فۆرمەی كە لە فۆنیمەكانی (د+ ا + ر) پێكهاتووە. جا كاتێك مرۆڤ لە واتای (دار) نەگەیشت ئەوا فۆڕمی (دار)یش ناتوانێت بە دەست بێنێت، بەم پێیە دەتوانین بڵێین فۆڕم و واتا هەردووكیان هێما پێكدێنن و هیچ كامێكیان بێ ئەویتر بە های نییە، هەر وەك لەم وێنەیەی خوارەوە روون كراوەتەوە(د. عبدالواحید مشیر دزەیي : 2015، 23 ) :




وتا چەمكێكی تەمو مژاوییە و هەنێكجار بە رامان و بۆچوون ناو دەبرێت، كە كاكڵەی زانستی سایكۆلۆجی و لۆجیكییە و هەندێكجاری تر بە هاوواتای (شت) دادەنرێت.

دوای (سۆسێر) هەوڵێكی تر درا لە لایەن (ئۆگدن Ogden) و ( ریچاردز Richards ) و پەیوەندی نێوان فۆڕم و واتایان لە سێگۆشەی (هێما، بیر ، تەن) ئاماژە بۆكراوە. لە ساڵی (1923) لە پەرتوكێكدا بەناوی (واتای واتا The meaning of meaning) خستەڕوو:




فۆڕم : زنجیرە دەنگێكە هێما دروست دەكات.

بیر : بۆ چوون و وێنە و تێگەیشتنی فۆڕمە.

تەن: شتە بەرجەستەكانی دەوربەر و جیهانی واقیع دەگرێتەوە.

خاڵی گرنگ لەم سێگۆشەیە ئەوەیە : پەیوەندییەكی راستەوخۆ لە نێوان فۆڕم و تەندا نییە، بەڵكو پەیوەندی رێكەوتن بەیەكەوەیان دەبەستێتەوە(د. عبدالواحید مشیر دزەیي : 2015، 24- 25).

بەگشتی دوو جۆر هێما مان هەیە :

1- هێمای زمانی:

هێما نووسراو و دركاوەكان دەگرێتەوە، كە بریتین لەو فۆرمانەی هەڵگری واتان و بەكارهێنانیان هەیە وەك: (مۆرفیم ، وشە، گرێ، رستە ، گوتن، دەق ، ئاخاوتن)، لەم جۆرە هێمایانەدا پەیوەندی نێوان فۆڕم و واتا پەیوەندی لێكچوون نییە، بەڵكو پەیوەندیەكی رێكەوتنی كۆمەڵایەتییە و لەناو زمانە جیاجیاكاندا فۆڕمی تایبەتی بۆ بەكاردەهێنرێت وەك: فۆڕمی (دەرگا) لە كوردی، لە زمانی عەرەبیدا بەرامبەرەكەی (باب)ە وە لە زمانی ئینگلیزیدا بەرامبەرەكەی (Door)ە، شرۆڤەكردنی ئەم هێمایانە پێوستی بە شارەزایی و فێربوونە.

تایبەتمەندییەکانی هێمای زمانی بریتین لە :

1- پێویستی بە قسەکەر و گوێگرە کە پەیام و مەبەستێکی هەڵگرتووە.

2-پەیوەندی نێوان فۆڕم و هێما لەم جۆرە هێمایەدا پەیوەندییەکی لە خۆوەیە (Arbitraries) و لێکچوون لە نێوانیاندا نییە.

3-هێمای زمانی هەڵگری مەبەستێکە و ئاخێوەر بەکاریدەهێنێت بۆ گەیاندنی مەرام و ئامانجی خۆی.

4-ئەو شتە نانوێنێت کە نوێنەرایەتی دەکات، چونکە شتێکە خۆی نییە، هەر بۆیەش پێویستی بە لێکدانەوە هەیە.

5-هێلی یە (Laniaries): کەرەستەی مادی هێمای زمانی فۆنیمە بە زنجیرەیی و ئاسۆیی و لە یەك هێڵدا دەردەبڕدرێن بۆ نموونە وشەی (نیشتیمان)، پێکهاتووە لە فۆنیمەکانی (ن+ ی+ ش+ت+ ی+م+ ا+ن).

2- هێمای نازمانی:

بە باوەڕی هەندێك لە زمانەوانانی وەك (ڤۆنت، مار، پیاجە) هێمای نازمانی سەرەتای زمانی قسەکردن بووە و تا ئێستاش ئەم بزاوتنانەی وەك: سەرلەقاندن و لێوگەستن و چاونوقاندن...هتد. کە تا ئێستا لە زمانی ئاخاوتندا بەکارهێنانیان هەیە. ئەم جۆرە هێمایە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ناگۆڕێت و شرۆڤەکرن و لێکدانەوەی ئەم جۆرە هێمایە لای هەموو کەسی یەك کۆمەڵگا وەك یەکە و پێویستی بە زانیاری سروشتییە نەك فێربوون، واتە هەموو لەسەر ئەوە رێکن سووربونەوە نیشانەی شەرمە و زەردهەڵگەران نیشانەی نەخۆشییە و ... هتد.

پەیوەند ی لە نێوان فۆڕم و واتا لەم جۆرە هێمایانەدا پەیوەندییەکی هۆییە و لێکچوونەك هەیە لە نێوان فۆڕم و واتا ، هێمای نازمانی چەند جۆرێکە وەك:

أ- نیشانە :

لەم جۆرەی هێما نازمانییە پەیوەندی لێکچوون هەیە لە نێوان فۆڕم و واتا وەك پەیوەندی نێوان (هەور) و (باران)، (سپیی بوونی پرچ) و (پیر)، واتا و نیشانە پەیوەندیان بە بڕیاری کۆمەڵگاوە هەیە، ئەم بڕیارە زۆری و کەمی هەیە.

ب- وێنە:

لەم جۆرە هێمایە دا پەیوەندی لە نێوان فۆڕم و واتا جۆرە لێکچوونەیەك هەیە و وەك: تابلۆ ، نەخشە ، کاریکاتێر، وێنەی بە دەست کێشراو ، وێنەی فۆتۆگرافی ..... هتد. زۆر جار وێنە وەك نیشانە سەیر دەکرێت چوکە وێنە نوێنەرایەتی شتێك دەکات کە خۆی نییە ، ئەم نیشانەیە ناچنە خانەی نیشانەی سروشتی وەك: (هەور) و (باران) ئەو نیشانانە دەچنە خانەی نیشانەی وێنەیی، پەیوەندی نێوان فۆڕم و واتا لەم جۆرە نیشانەدا پەیوەندی لێکچوونە و سەیرکردنی وێنەیەکی هونەری وەك سەیرکردنی وێنەیەکی سروشتی وایە.

ج- ئاماژە:

ئەو بزاوتنانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ لە رێگای ئەندامەکانی جەستەوە بۆ دەربڕین واتاو مەبەست بەکاری دەهێنێت ، وەك: چاو، دەست، سەر ، لێو، شان .....هتد .ئەم بزاوتنانە دەچنە خانەی پەرەزمانی (Para Language) ، ئەم ئاماژانە رۆڵێکی گرینگیا هەیە لە دیاری کردنی واتای پراگماتیکی بۆ نموونە:

شیلان هاورێیەکی بەوەفایە.

ئەم دەربڕینە ئەگەر بە لێوگەستن یان چاو نوقاندن بگوترێت، ئەوا واتای پێچەوانە دەدات(د. عبدالواحید مشیر دزةيي : 2015، 25- 26).

بەشی دووەم

پەیوەندی نێوان زمانی هێما لەگەڵ واتای وێنە

2-1: واتا و وێنە:

وێنە جۆرێکە لە هێما و لە سەردەمێکدا جۆرێك بووە لە نووسین، لیکۆلینەوە لەسەر وێنە گرنگی خۆی هەیە لە بواری سیمانتیکدا، ئەم جۆرە هێمایە بە واتایەك بەستراوەتەوە بە ئاسانی بۆ گوێگر دەگوازرێتەوە و خوێندەوار و نە خوێندەوار لێی تێدەگات هەر بۆیەش لە زۆر بواری جیاجیای وەك : فێکردن و راگەیاندن بەکاردێت.

بەپێی بۆچوونی (ئۆگدن و ریچاردز) لە سێگۆشەی واتایدا، واتا ئەو وێنە هۆشەکییەیە (هێما) و (تەن) بەیەکەوە دەبەستێتەوە، هەر بۆیەش پەیوەندی نێوان (هێما )و (تەن ) راستەوخۆنییە و بە پێچەوانەی ئەوە پەیوەندی نێوان هێماو وێنەی هۆشەکی راستەوخۆیە.

لایەنگرانی بۆ چوونی هۆشەکی وێنە لەو باوەڕەدان واتا ئەو کۆمەڵە وێنە هۆشەکییەیە لە رێگای وشەوە قسەکەر بۆ گوێگری دەگوازێتەوە، بە واتایەکی تر ئەو وێنانەی لە مێشکی قسەکەر دا هەیە هەر هەمان ئەو وێنەیە لە رێگای وشە و وڕستە گوزارشتی لێدەکرێت و دەچێتە مێشکی گوێگر، کەواتە پێویست دەکات بۆ هەر دەربڕینێك وێنەیەك هەبێت ئەو وێنەیە:

1= پێش وەخت لە مێشکی ئاخێوەر ئامادەکرابێت.

2-ئاخێوەر دەیەوێت لە کاتی قسەکردندا ئەو وێنەیەی لە مێشکیدایە بە تەواوی بیگوازێتەوە بۆ گوێر وگوێریش هەست بەو وێنەیە بکات.

3-دەربڕینەکە دەیەوێت هەمان وێنە لە مێشکی گوێگر دروست بکات، هەروەك دەبینین لەگەڵ وشەی (دار) وێنەی (دار) لە مێشکی ئاخێوەر ئامادە دەبێت، بەم شێوەیە وێنە لە پەیوەندیکردندا رۆڵی خۆی دەبێت توانای گواستنەوەی هەیە لە مێشکی کەسێکەوە بۆ مێشکی کەسێکی تر.

زمانەوانان وای بۆ ئەچن ئەگەر بڵێین کرۆکی ئاخاوتن دەربڕینە لە رێگای وێنە ئەوا بیرێکی زۆر کلاسیکییە، چونکە واتا وێنە بە تەواوی بەرامبەر یەك ناوەستن، وێنە بوارەکی فراوانتری هەیە لە مێشکی ئاخێوەر و واتا بەشێکە لە وێنە، چونکە گشتیترە لە واتا، وێنە تاکە کەسی تێکەڵی بۆچوون و هەست و سۆز و ئەزموونی کەسییە، بۆیە دەتوانین بڵێین واتا بە وردی لە رێگای وێنە بەدەستنت نایەت، چونکە وشە و ڕستەکان ناتوانن بە وردی گوزارشت لە وێنەی بیری فراوانی ئاخێوەر بکەن(د. عبدالواحید مشیر دزەیی :14).

2-2: جۆرەکانی واتای وێنە:

1-واتای وێنەی ڕاستەقینە:

ئەو وێنانەی کە لە دەوروبەرماندا هەن بەرجەستەبن یان نا ئاماژەیە بۆ بوونی شتێك، وێنەی نابەرجەستە بوونی شتێك ئاشکرادەکات لە دەوروبەردا نییە وەك : (ئاشتی)، وێنەی بەرجەستە بە پێچەوانەوە ئاماژە بۆ بوونی شتێك دەکات لە دەوروبەرماندا وەك : (کورسی)، بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین وێنەی بەرجەستە لە جهانی واقیع هەیە و وێنەی نابەرجەستە تەنها لەبیر و هۆشمان دایە، (جۆن لاینز) دەڵێت: ئاماژەکردنی وێنەی وەسفی روون و ئاشکرا نییە و لە توانای مرۆڤدا نییە سنوورەکی تەواوی جیاکەرەوە لە نێوان (سەوز ، شین) دابنێین، بەڵێ ئەو وێنە وەسفییانە واتای خۆیان ناگەیەنن، ئاماژیەکیان ورد نییە، ناکەونە بەر پۆلێنکردن، چونکە ناتوانرێت بەشێوەیەکی ورد ئاماژە بۆ وێنە راستەقینەکەی بکرێتت،

واتای وێنەی راستەقینەش چەند جۆرێکە:

1-واتای وێنەی فۆتۆگرافی: ئەم جۆرە وێنەیە بەرجستەیە ڕاستی دەگوازێتەوە وەکو بەڵگەیەك بەکاردێت بۆ گواستنەوەی ڕاستی هەر لەبەر ئەمەش لەبواری راگەیاندندا پشتی پێدەبەسترێت، چونکە زیاتر چینی خوێندەوار و چینی نە خوێندەواریش تێی دەگات، وەك(د. عبدالواحید مشیر دزەیی : 174- 177 ):


وێنەی خۆپیشاندان ........ 1- خۆپیشاندان 2- فرە هەڵویستی 3- هاو هەڵویستی



2- واتای وێنەی نەخشە:

ئەم جۆرە وێنە یە لە شێوەی هێما بەکاردێت زیاتر لە بواری ئەندازە و جوگرافیا و ماتماتیکدا..هتد، بەکار دەهێنرێت و واتایەکی ورد و راستەقینە دەگوازێتەوە وەك:

وێنەی نەخشەی خانوو ، وێنەی نەخشەی وڵات، وێنەی هێماکانی بیرکاری.




شیکرنەوەی وینەی پارچە زەوی ، پێکهاتەی خانوو، رووبەری هەر ژوورێك.

3- واتای وێنەی هێمایی:

ئەم جۆرە وێنەیە هەڵگری واتایەکە بۆ چینی نە خوێندەوار و خوێندەوار بەکاردەهێنرێت، زیاتر ئەم وێنانە دەگرێتەوە کە وەك نیشانەکانی هاتووچۆ و قەدەغەکردنی جگەرە و هەڵگرتنی چەك...هتد.

وێنەی...




**ب-واتای وێنەی هۆشەکی:**

**واتای ئەم جۆرە وێنەیە بەپێی بۆ چوون و چەمك و شارەزایی کەس دەگۆڕێت بۆیە ئەم جۆرە وێنانە بریتین لە وێنەکانی: (فریشە، دێو، جنۆکە ، یان کەسی مردوو.....هتد)، کە بوونی واقعیان نییە و چەمکەکانیان روون نییە بۆ نموونە وشەیەکی وەك (دێو) تەنها دەتوانین لەوێنە هۆشەکییەکەیدا ئەم سیمایانە دیاری بکەین وەك:**

**1- واتای وێنەی تابلۆی هونەری:**

**ئەم جۆرەی وێنە واتایەك دەدات تێکەڵی هەست و سۆزی کەسە و لە ناخی هونەرمەند هەڵدەقوڵێت و لە ئەنجامی داهێنانێکدا دروست دەبێت و بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتنی ئەم جۆرە وێنەیە خوێنەر پێویستی بە بیرکردنەوە و شارەزابوونە لە ڕێبازەکانی هونەری شێوەکانی ئاسایی ناتوانن ئەم جۆرە وێنانە بخوێنەوە وەك:**



2- واتای وێنەی كاریكاتێر:

ئەو جۆرە وێنانە وێنەی ڕەخنە و پێشنیارن و لە شێوەی توانجدا و بە شێوەیەكی كۆمیدی دەخرێنەڕوو و كاریگەری زۆری هەیە لەسەر دەروونی مرۆڤ و لایەنە شاراوەكانی كۆمەڵگا دەخاتەڕوو وەك:




3- واتای وێنەی وەسفی:

واتای ئەم جۆرە وێنەیە باس لە تەنێكی بەرجەستە دەكات و لە شێوەی وەسفدا بە گوێگری دەناسێنێت تاكو وێنەكە زیاتر روون و ئاشكرابێت لای گوێگر، بۆ نموونە كاتێك باس لە وێنەی كچێكی دیاریكراو دەكرێت و قسەكەر دەیەوێت بیگوازێتەوە بۆ هزری گوێگر دەبینین قسەكەر بەم جۆرە وەسفی كچەكە دەكات تا لەلای ئەو وێنە كە بەهەمان شێوە روون بێت دەڵێت: (كچەكی ئەسمەری چاو ڕەشی باڵا بەرز و باریك و قەژ درێژە)، تا ڕادەیەك وێنەی ئەم كچە لای گوێگر دروست دەبێت، لە رێگای سیماكانی وەك:

ئەم جۆرە وێنەیە زیارت لە بواری ئەدەب زۆر بەكاردێن بۆ نموونە: شێخ رەزا لە وەسفی ئەو ئێسترەی كە بۆی ناردرابوو دەڵێت(شێخ رەزای تالەبانی ، 137) :

میر بە سەد منەت ناردی (ئێسترێكی رووت و قووت

دەست و پاسست و سەقەت و ئەندامی وەك عەنكەبووت).

ئێسترەكە ..... بێزین و رێشمە و ركاب بێهێز سەقەت

2-3: پەیوەندی هاوبەش لەنێوان زمانی هێما لەگەڵ واتای وێنە:

1- وێنە جۆرێكە لە هێما و لە سەردەمێكدا جۆرێك بووە لە نووسین، لیكۆلینەوە لەسەر وێنە گرنگی خۆی هەیە لە بواری سیمانتیكدا، ئەم جۆرە هێمایە بە واتایەك بەستراوەتەوە بە ئاسانی بۆ گوێگر دەگوازرێتەوە و خوێندەوار و نە خوێندەوار لێی تێدەگات هەر بۆیەش لە زۆر بواری جیاجیای وەك : فێكردن و راگەیاندن بەكاردێت.

2- ئەم جۆرە وێنەیە هەڵگری واتایەكە بۆ چینی نە خوێندەوار و خوێندەوار بەكاردەهێنرێت.

3- هێما نوێنەری كەس و شت و رووداوە بێ ئەوەی شتەكە لەو كاتەدا ئامادەبێت یان نا، بەم پێیە وشە دەچێتە خانەی هێما، چونكە نوێنەرایەتی شتێك دەكات خۆی نییە، ئەمەش وا روون دەكاتەوە لێكچوون لە نێوان و فۆڕم و واتا نییە، ئەو پەیوەندیەی لە نێوان فۆڕم و واتادا هەیە رێكەوتنێكی كۆمەڵایەتییە.

4- واتا چەمكێكی تەمو مژاوییە و هەنێكجار بە رامان و بۆچوون ناو دەبرێت، كە كاكڵەی زانستی سایكۆلۆجی و لۆجیكییە و هەندێكجاری تر بە هاوواتای (شت) دادەنرێت.

5- زمان هۆیەكی ناغەریزەییە، تایبەتە بە مرۆڤ، بۆ دەربڕینی هەست و سۆزو ئارەزوو بەكاردێت، بەهۆی هێمای لەسەر پاسا رۆیشتووە وكار دەكات، لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤە.

## ئەنجام

1-هێمای زمانی هێما نووسراو و دركاوەكان دەگرێتەوە، كە بریتین لەو فۆرمانەی هەڵگری واتان و بەكارهێنانیان هەیە وەك: (مۆرفیم ، وشە، گرێ، ڕستە ، گوتن، دەق ، ئاخاوتن)، لەم جۆرە هێمایانەدا پەیوەندی نێوان فۆڕم و واتا پەیوەندی لێكچوون نییە، بەڵكو پەیوەندیەكی رێكەوتنی كۆمەڵایەتییە و لەناو زمانە جیاجیاكاندا فۆڕمی تایبەتی بۆ بەكاردەهێنرێت.

2-زمان (بریتییە لە واتا و خراوەتە ناو دەنگەوە)، بەواتایەكی تر چەمكی واتا بە چەمكێكی بنجی زمان دادەنرێت و هیچ زمانێكیش بوونی نییە بەبێ بوونی واتا، كەواتە زمان بەبێ واتا نابێت، واتاش ئەوەیە كە دەربڕینی تێدا ئەنجام دەدرێت و بە كەسانی تریش دەگەیەنرێت، لەبەر ئەوەی دەربڕین و گەیاندن بە دوو ئەركی سەرەكی و بنجی زمان دادەنرێن.

3- زۆربەی ئاینەكان ئاماژەیان بە زمانی مرۆڤ كردووە. بەپێی بۆچوونە ئاینییەكان زمان و مرۆڤ بەیەكەوە پەیدابووینە ، هەروەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت (وعلم ادم الاسماو كلها) سورەتی بەقەرە، ئایەتی 31، واتە (خوا هەموو ناوێكی فێری ئادەم كردووە). و لەشوێنێكی تر دەفەرمووێ (واختلاف السنتكم والوانكم...) هەموو بیرە ئاینییەكان لەو باوەڕەدان كە خوا زمانی بەئادەمیزاد بەخشیوە.

4- هێمای نازمانی سەرەتای زمانی قسەكردن بووە و تا ئێستاش ئەم بزاوتنانەی وەك: سەرلەقاندن و لێوگەستن و چاونوقاندن...هتد. كە تا ئێستا لە زمانی ئاخاوتندا بەكارهێنانیان هەیە.

5- واتا ئاماژەیەكان رۆڵێكی گرینگیا هەیە لە دیاری كردنی واتای پراگماتیكی.

6- ئەو پەیوەندیەی لە نێوان فۆڕم و واتا هەیە وەكو دوو ڕووی دراون ناتوانن لەیەك جیابكرێنەوە، هەر بۆیەش ئەم دوو زاراوە یە لە یەك جیا نابنەوە و بە جیا بوونەوەیان هێماكە نرخەكەی وون دەكات.

## ڕاسپاردەكان

1-وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی كوردستان ، گرینگی بەدات بە خوێندنگاو قوتابخانەی، و پەیمانگای كەم ئەندامان ، بە ناردنی ماۆستای پسپۆر زمانی جستە، كە لە ڕێگەی زمانی جستەو ئاماژە بتوانن درێژە بە خوێندن و كارو چالاكیەكانیان بەدەن.

2- داوا لە ئەندازیارانی بەشی پرۆگرامسازی گشت زانكۆكانی هەرێمی كوردستان بكرێت، پرۆگرامێكی تایبەت بە سیستەمی ئەلكترۆنی بۆ كەم ئەندام و نابیستان ،دابنرێت لێك تێگەیشن و ئاسانی بەكارهێنانی ئاماژەكان وەك زمانی ئاخاوتن، لە ژیانی ڕۆژانەدا.پرۆسەی لێك تێگەیشتن ئاسانتر بێت بۆ كەم ئەندامان لەگەڵ دەوروبەری.

## سەرچاوەكان

سەرچاوە بە زمانی كوردی:


1- كەریم شەریف قەرەچەتانی، سایكۆلۆژی منداڵ، هەولێر ، 1997 .

2- عبدالواحید مشیر دزەیی ، زانستی سیمانتیك، چاپی 1، 2015، هەولێر .

4- محمد معروف فتاح ، زمانەوانی، هەولێر، 1987.

5- محمد معروف فتاح ، هێماكاری و زمانەوانی ، 1985 ، گۆڤاری كاروان، بغداد .

6- قورئانی پیرۆز، وەرگێرراوی مامۆستا هەژار، چاپخانەی دار المرفه، لوبنان، 02013

7- دیوانی شێخ ڕەزای تالەبانی ، .

سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

8- احمد مختارعمر ، علم االدلالة، الطبعة الاولى مكتبة دار العروبة للنشر ووالتوزيع، الكويت، 1982.

9- عزمی اسلام، مفهوم المنى دراسة تحليلية، حوليات كلية الاداب،1980، كويت.

10- موفق الحمدانی، اللغة وعلم النفس،مطبعة مديرية دار الكتب للطباعة و النشرجامعة الموصل،بغداد، 1982 .

سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:

11- Edward Sapiy , Language & language ,Newark, Harcourt, 1945.